وەزارەتی نەوتی عێراق داوای کەبوونەوەیەکی بەپەلە دەکات لەسەر هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم

وەزارەتی نەوتی عێراق، داوای کەبوونەوەیەکی بەپەلە دەکات لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، جێختیشیکردەوە لەپێویستی پابەندبوون بە هەمواری یاسای بودجەی گشتی.

وەزارەتی نەوتی عێراق راگەیەندراوەکی لەبارەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و راگەیەندراوەکەی ئەپیکور رەتدەکاتەوە و دەڵێت، "کارمان کردووە و هەوەدەین لە نزیکترین کاتدا و بەپێی یاسای بودجە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەستپێبکەینەوە".

وەزارەتی نەوتی عێراق رایگەیاند، هەر جارێک دانوستانەکانی پەیوەست بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بڕەوپێش دەچن، بەهۆی داواکاری ناڕاستەقینەوە ئاڕەزی نوێ سەرهەڵدەدەن.

ئاماژەی بەوەشکرد، کاردەکەن بە دەنیابوونەوە لە جێبەجێکردنی دروستی یاسای هەمواری بودجە کە لە دووی شوباتی ئەمساڵ پەسەندکراوە، بەئەوەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەرێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە دەستپێبکاتەوە، بەئەوەش حکومەتی عێراق هەنگاوی جددی ناوە بە نیشاندانی نییەت پاکی خۆی لە دانوستانەکان.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، داواکاریی ناواقیعی و درۆوەی چوارچێوە یاساییەکان، گەیشتن بە رێککەوتن پێکدەخات و گەیشتن بە رێککەوتن ڕێگری لە فرەشتنی نایاسایی نەوت دەکات.

هاوکات، وەزارەتی نەوتی عێراق، داوای کەبوونەوەیەکی بەپەلە دەکات لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان، بەمەرجێک بەپێی هەمواری یاسایی بودجە بێت و بگەنە میکانزمێکی کارکردنی روون کە مافەکانی عێراق بپارێزێت و پابەندبوونەکانی بەرامبەر وەبەرهێنەران گرێنتی بکات.

راگەیەنراوەکەی وەزارەتی نەوتی عێراق لەکاتێکدایە، کەمەبەستی پیشەسازیی نەوتی کوردستان (ئەپیکور)رایگەیاندبوو، بەهۆی راگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە، نەوتیان بە نیوەی نرخی بازاڕی جیهان فرۆشتووە و کەمپانیا ئەندامەکان بە بڕی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانیان راگرتووە.